## ئایینی سەرمایەداریی

هەوڵ بدەن بە بێ پارە پەرە بە زانست بدەن یا وڵاتێك داگیر بکەن. لەلایەکیتریشەوە ئەو کارە بۆچی دەبێ بەڕێوە چێ کاتێ هیچ بەهرەیەکی تێدا نەبێ. بە بێ شك پارە پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ شۆڕشی زانستیی و داگیرکارییەوە هەیە. بەڵام ئایا پارە خۆی، تەنیا ئامانجی مرۆڤە، یاخود کەرسەیەکی گەلێك مەترسیدار بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانە؟

دیارە پارە هەڤالێکی دڵخۆشکەرە بۆ مرۆڤ بەڵام گەلێك ئاوەدانیی دروست کردوون و هەمیسان وێرانی کردۆنەتەوە، ئاسۆی نوێی پێك هێناوە و ملیۆنان مرۆڤی بە کۆیلە کردووە، چەرخی پیشەسازیی وەڕێخستووە و هەزاران چەشن بوونەوەری توونا کردووە. مێژووی مودێرنی زانستیی بە بارودۆخی ئاڵۆزییەوە بەهۆی ئەو دێرەوە ڕوون دەکرێتەوە: **"گەورەبوونەوەی حەشیمەتی سەر زەوی"**. لە ٥٠٠ ساڵی ڕابردووەوە بارودۆخی ئابووری بە گۆرجییەکی یەکجار زۆر بەرەو پێشکەوتوویی و گەورەبوونەوە وەرێ کەوتووە. بە تامەزرۆیی و ئیشتیای لەڕادەبەدەر هەر شتێك بێتە سەر ڕێگای قووتی دەدا و خۆی پێ گەورە دەکاتەوە.

بە درێژایی سەدان هەزار ساڵ مێژوو، بارودۆخی ئابووری ڕاوەستاو مابۆوە. لە هەزار ساڵی ڕابردووەوە بەرهەمەکانی جیهانی لە هەموو گۆشەکانی ئەم دنیایە زیاتر بوونەتەوە بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ گەورەبوونەوەی حەشیمەت و جێ و شوێنی نوێ بۆ دروستکردنی شار و شارۆچکەکان. بەرهەم بە پێی سەرانە وەك خۆی مابۆوە و لەسەر ژمارەی دانیشتوان پێداویستییەکان بەرهەم دەهاتن. لە سەردەمی مودێرندا ئەو پێوانەیە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاریی بەسەردا هاتوە. بە پێی حیساب و ئامار لە ساڵی ١٥٠٠ ی زایینی بە قەرا نیزیکەی ٢٥٠ ملیارد دۆلار لە سەراسەری ئەم جیهانە مامڵەی ئابووری کراوە. ئەمڕۆ ئەو ژمارەیە بە ٦٠ بلیۆن دولار گەییوە. سەیر ئەوەیە کە ساڵی ١٥٠٠ بە پێی سەرانە هەر مرۆڤێك ٥٥٠ دولاری وەبەر دەکەوت، کاتێ ئەو پێوانەیە بۆ مرۆڤی ئەورۆیی نیزیکەی ٨٨٠٠ دولارە. ئەو جیاوازییە گەورەیە بە چ شێوەیەك دەکرێ ڕوون بکرێتەوە؟

زانستی ئابووری بەهۆی ئاڵۆزبوونی خۆیەوە ناوی دەر کردووە. بۆ ساکار کردنەوەی کارەکە نموونەیەك دێنینەوە:

جەنابی سەرمایەدا بانکێك دەکاتەوە بە ناوی بانکی خەڵکی.
شەریکەیەکی خانووبەرە سازی بە ناوی "شەریکەی ئاوات" کارەکەی بە کۆتایی گەیاندووە و یەك ملیۆن دولاری پاشەکەوت کردووە و لە بانکی خەڵکی دایناوە. ئێستا ئەو بانکە یەك ملیۆن دولاری سەرمایەی هەیە.

www.rojhalat.de / www.bokan.de

بنەماڵەی "هیوا" دەیانهەوێ کارخانەیەکی نانەوایی دانێن بەڵام پارەی تەواویان بۆ ئەو کارە بە دەستەوە نییە. بەو هۆیە ڕوو لە بانکی خەڵکی دەکەن و بۆ کردنەوەی کارخانەکەیان یەك ملیۆن دولار قەرز لەو بانکە وەردەگرن.
بنەماڵەی "هیوا" شەریکەی ئاوات بۆ دروستکردنی کارخانەکە هەڵدەبژێرن و یەك ملیۆن دولارەکە دەدەن بەوان.
شەریکەی ئاوات یەك ملیۆن دولارەکە لە بانکی خەڵکی دادەنێ. ئێستا ئەو شەریکەیە چەند دولاری لەسەر حیسابەکەی هەیە؟
دیارە دوو ملیۆن دولار.
هەروەها لە ڕاستیدا چەندە پارە لە بانکی خەڵکی ماوەتەوە؟ دیارە هەر یەك ملیۆن دولار.
بەو کارە چیرۆکەکە هێشتا بە کۆتایی نەگەییشتووە. هەر وەك زۆرجا باوە، شەریکەی ئاوات بنەماڵەی هیوا ئاگادار دەکاتەوە کە دوای ئەندازیاریکردنی پرۆژەکە بۆیان ڕوون بۆتەوە بە یەك ملیۆن دولار کارخانەکەیان بۆ جێبەجێ ناکرێ و پێویستیان بە دوو ملیۆن دولار هەیە. بنەماڵەی هیوا کە ئیتر ڕێگای گەڕانەوەی بۆ نەماوە دەچێتە بانکی خەلکی و کێشەکەیان بۆ بانك ڕوون دەکەنەوە و یەڵ ملیۆن دولاریتر وەردەگرن.
ئێستا شەریکەی ئاوات چەند دولاری لەسەر حیسابەکەی هەیە؟
سێ ملیۆن دولار.
ئەدی ئێستا چەندە پارە لەسەر بانکی خەڵکییە؟
یەك ملیۆن دۆلار، هەر هەمان ملیۆن کە لە سەرەتاوە لەوێ بوو.
بەپێی یاسای نوێی بانکی ئەمڕۆیی ئەو یارییە دەتوانێ تا حەوت جاریتر دووپات بکرێتەوە:
ئەو کات شەریکەی ئاوات ١٠ ملیۆن دولار لەسەر حیسابەکەیەتی، لە کاتێکدا بانکەکە هەر ملیۆنێکی لە سندووقەکەیدا هەیە. بە واتایەکیتر بۆ هەر دولارێك کە بانك لە سندووقەکەیدا هەیەتی، دەتوانی دە دولار بە قەرز بدا. لە ڕاستیدا ٩٠ لە سەدی ئەو پارەیەی ئێمە لەسەر حیسابەکەمان هەمانە، تەنیا بە ژمارە و نەك بەهۆی بوونی پارەی ڕاستەقینە لە بانکەکانە. ئەگەر هەموو مشتەرییەکانی بانك لە پڕێکدا و پێکەوە پارەکەیان لە بانك وەرگرن، بانکەکە ئیتر مایە پوچ و نابوود دەبێ. ئەو پرەنسیبە بۆ هەموو بانکەکانی جیهان وەك یەکە.

ئایا ئەو کارە تەنیا تۆپەڵەیەکی بەفرییە کە لە کاتی خولانەوەدا گەورە و گەورەتر دەبێتەوە؟ ئەگەر ئا، بە پتوونی بەهای ئابووریی دنیا وەك پسدانێکی با تێکراو زیاتر نییە. بەڵام بە سەدان ساڵ گەشەسەندنی ئابووریی ڕاستەقینە دڵنیایی ئەوەمان پێ دەدەن کە ئەو کارە کارێکی نالەبار و فریودەرانە نەبووە، باوەکوو فانتازیایەکی وەستایانە بووە. بانکەکان و لەگەڵ ئەویش هەموو ئابووریی جیهان تەنیا ئەو کات کاردانەوەی دەبێ کە مرۆڤ متمانەی بە داهاتوو هەبێ. بەها و ئەرزشی پارە بەهۆی ئەو متمانەکردنەوە گارانتی کراوە.

ئێمە بینیمان کە پارە دۆزینەوەیەکی گەلێك سەیر و سەمەرەی مەۆڤە، چونکە ئەو نوێنەرایەتی بەها و ئەرزشی هەر شتێکە و دەتوانێ جێی هەر کالایەك بگرێتەوە. لە سەرەتای مێژووەکەیدا تەنیا دەیتوانی جێی ئەو شتانە بگرێتەوە کە بوونی ڕاستەقینەیان

www.rojhalat.de / www.bokan.de

هەبوو. هەر بەو هۆیەشەوە بارودۆخی ئابووری نەیدەتوانی زیاتر لە ماڵ و دارایی ناو کۆمەڵگا گەورەتر بێتەوە و لە سنووری خۆی تێپەڕ بێ.

ئەگەر بە پێی نموونەکە کارخانە نانەواییەکە لەبەر چاوی خۆمان وێنا بکەین، چ دەقەوما ئەگەر پارەکە نوێنەری ئەو شتانە بایە کە بوونیان دەبوو ببێ؟ ئەو نانەواخانەیە بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی دروست بکرێ. دیارە بنەماڵەی هیوا مافی خۆیانە ئیدەکەیان لە سەری خۆیاندا پەرە پێبدەن و فانتازیای بۆ بکەن، بەڵام بە بێ بوونی پارە بە هیچ شێوازێك خەونەکەی ئەو بنەماڵەیە پێك نەدەهات. لێرەدا بازنەیەکی شەیتانی لێ دروست دەکرێ:

بازنەی شەیتانیی
ئابووری مودێڕن




بە بێ ئەو چوار مەرجە هیچکامیان بوونیان نابێ

مرۆڤ بە درێژایی هەزاران ساڵ لە بارودۆخی ڕاوەستانی ئابووریدا مابۆوە. لە کاتی نوێ و بەهۆی بیرۆکەی ئابووری مودێڕن و سیستەمی متمانەپێکردن بە داهاتوو خۆی لەو دەرجا لێدانە ڕزگار کرد. لەو سیستەمە نوێیەدا بۆ ئەو مرۆڤانەی نەیاندەتوانی خەونەکانیان بە ڕاست وەرگێڕن ئیمکانێکی نوێیان خوڵقاند و ناویان نا قەرز. ئەو کارە ئیمکانێکی بۆ ڕەخساندن کە کاروباری ئەمڕۆیان لەسەر حیسابی متمانەکردن بە داهاتوو بۆ جێ بە جێ کردن.

درێژەی هەیە ...